گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# جوانییەکانی بەکارخستنی هونەری دەنگ و دەربڕین لە درامای دۆبلاژکراوەدا زنجیرە درامای (کچە زەنگین و کوڕە هەژار) وەک نموونە

**جوتیار رفعت عبده**
بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Jutyar.abdah@su.edu.krd

**پ. د. بەلْقیس علی دۆسکی**
بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

## زانیارییەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/١٥
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٢٣
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
درامای دۆبلاژکراو، دەنگ و دەربڕین، وەرگێڕانی بینراو و بیستراو، هاوکاتکردن، دیزاینی دەنگ.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.22

## پوختە

بەکارهێنانی دەنگ و دەربڕین لە دراما دۆبلاژکراوەکاندا ڕۆڵێکی دەگێڕێت لە بەرزکردنەوەی سۆزداری و بەشداریکردنی بینەر توێژینەوەیەدا زنجیرە درامای (کچە زەنگین و کوڕە هەژار) وەک ن بەکارهاتووە، ئەوەمان نیشان دەدات کە چۆن لەڕێگەی نواندنی دە دەربڕین کارەکتەرەکان دەتوانن بەهەست و سۆزەوە ئەدای ئەنجام بدەن. ئەو تۆنە سۆزداری و وەستان و وەرچەرخانە دەنگی کە ئەکتەرە دەنگییەکان بەکاریان دەهێنن، یارمەتیدەرن بۆ گەی ڕۆڵی کەسایەتی و ململانێ و گرژییە ڕۆمانسیەکانی کارەکتەرە شێوەیەکی کاریگەر.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێکدێت، بەشی یەکەم پێکهاتو (میتۆدی توێژینەوە) کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت (پێشەکی، گ توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، سنووری توێژ پێناسەی زاراوەکان). بەشی دووەم پێکهاتووە لە (چوارچێوەی توێژینەوە)، هەروەها بەشی سێیەم تەرخان کراوە بۆ (جێبەجێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژینەوە) کە تیایدا شیکردنەوە بۆ نموونەی توێژینەوە کراوە. لەکۆتاییدا بەشی چوارەم پێکهاتووە لە (ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوەکان).گرنگترین ئەنجامەکانی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە بریتیە لە:

1. بەکارخستنی هونەری دەنگ و دەربڕین لە درامای دۆبلاژکراوی (کچە زەنگین و کوڕە هەژار) پەیوەندی نێوان کاراکتەرەکان دەردەخات لەگەڵ گەرمکردنی ململانێکان بە ئاراستەی لوتکە لەناو فەزایەکی دراماتیکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و ئیستاتیکی و ڕاکێشانی هەست و سۆزی بینەر بۆ ناو ڕووداوەکانی دراماکە.

هونەری دەنگ و دەربڕین وەک ئامرازێکی گێڕانەوە لە درامای (کچە زەنگین و کوڕە هەژار)دا، گۆڕانی تۆن و ڕیتمی دەنگ و دەربڕین لە دەنگە دۆبلاژەکاندا یارمەتیدەرە بۆ ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی بونیادی درامی کارەکتەرەکان و گۆڕانی باری دەروونی و گرژیە بنەڕەتییەکان کە بەهۆیە گێڕانەوەکە دەوڵەمەند دەکات.

## بەشی یەکەم/ میتۆدی توێژینەوە:

### پێشەکی:

ئەگەر تیشک بخەینە سەر هونەری دۆبلاژ، بۆمان دەردەکەوێت کە دراما دۆبلاژکراوەکان بوونەتە پردێکی گرنگ لەنێوان گەلان و وڵاتان، کە کولتوور و زمانە جۆراوجۆرەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لە کاتێکدا زۆرجار گرنگییەکی زۆر بە وردبینی وەرگێڕانی دەنگی و ڕەنگی دەدرێت، بەڵام هونەری ڕاستەقینەی دۆبلاژکردن لە بەکارهێنانی جوانکاریی دەنگ و دەربڕینەدایە. دۆبلاژکردنی سەرکەوتوو جەوهەری هەست و سۆزی کاراکتەری ڕەسەن بۆ کاراکتەری دۆبلاژکەر دەگوازێتەوە بەشێوەیەکی شارەزا و کارامە و ڕاستگۆیانە. هونەری دۆبلاژ تۆنی دەنگ و ڕیتم و توانستی دەربڕین لەگەڵ نمایشی بینراو لەسەر شاشە هاوئاهەنگ دەکات. ئەم ئاوێتەبوونە وردەی دەنگ و دەربڕین ڕێگە بە بینەر دەدات کە قووڵایی سۆزداری و هێزی گێڕانەوەی دراما بیانییەکان وەک ئەوەی لە بنەڕەتدا بە زمانی زگماکی خۆیان بەرهەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێنراون، ئەزموون بکەن. ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی زانستی و هونەری هەوڵێکە بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئەکتەری دۆبلێر بخاتەڕوو لەمیانی بەکارخستنی تەکنیک و تەکنەلۆژیای هونەری دۆبلاژدا، مەودای دەنگ و دەربڕین بە چەندین جۆر و شێواز بەرجەستە بکات تاکو لە دەرئەنجامدا دراما دۆبلاژکراوەکە هەمان چێژ و هەست و سۆزی دراما ڕەسەنەکەی تیادا بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بینەران هەستێکی جوانیان لا گەڵاڵە بێت. لە هەموو زمانێکدا هونەری ئاخاوتن تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەوەی گرنگە لەکاتی وەرگێڕان و هونەری دەنگ و دەربڕیندا بتوانرێت هونەری ئاخاوتنی درامای دۆبلاژکراو هاوتەریب و هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ دراما ڕەسەنەکە.

## ١-١ گرفتی توێژینەوە:

هونەری دەنگ و دەربڕین هونەرێکی زۆر گرنگە لە ژیانی ڕۆژانە و لە بەرهەمی دراماتیکیدا، گەورەترین گرفت لە بەکارخستنی دەنگ و دەربڕین لە دراما بیانییە دۆبلاژکراوە کوردییەکان نەبوونی دۆبلێری پسپۆڕە، چونکە سەرجەم ئەم دۆبلێرانەی کە کاری دۆبلاژکردنی دراما بیانییەکان ئەنجام دەدەن پسپۆڕی شانۆن یان ئارەزوومەندن. لەمیانی ئەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت هەنگاوەکانی بەکارخستنی دەنگ و دەربڕین لە دراما دۆبلاژکراوەکان بخەینەڕوو، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی وەکو دۆبلێر زنجیرە دراما بیانییەکان دەکەنە کوردی شارەزاییەکی تەواویان هەبێت لە بەکارخستنی هونەری دەنگ و دەربڕین لەناو ستۆدیۆی دۆبلاژکردندا، بەتایبەتی لەڕووی گواستنەوەی هەست و سۆزی بەرهەمە ڕەسەنەکە. هەر میللەتێک خاوەن کەلتور و دابونەریت و زمان و شێوازی دەنگ و دەربڕینی تایبەت بەخۆی هەیە، شێوازی فۆنەتیکی گەلانی عەرەب و تورک و فارس و ئینگلیز زۆر جیاوازە لەگەڵ شێوازی فۆنەتیکی گەلی کورد. ئەمەش گرفتێکی سەرەکییە، چونکە ئەکتەرانی دۆبلێری کوردی لاسایی ئەکتەرانی زنجیرە دراما ڕەسەنەکە دەکەنەوە، لەکاتێکدا دوو زمانی جیاوازن، بۆیە ناتوانن هەمان هەست و سۆز ببەخشن بە بینەری کوردی. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە بداتەوە:

- ڕۆڵی هونەری دەنگ و دەربڕین لە درامای دۆبلاژکراودا چیە؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ١ – ٢ گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە گرنگی هەیە بۆ ئەم لایەن و دام و دەزگا هونەریانەی خوارەوە:

1. بەشی سینەما و شانۆ لە پەیمانگە و کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەرێمی کوردستان.
2. بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەما لە شارەکانی هەرێمی کوردستان.
3. تیپ و گروپە سینەمایی و شانۆییەکان لە هەرێمی کوردستان.
4. کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و دۆبلاژکردنی فیلم و دراما و شانۆ.
5. سەنتەر و بنکە و ناوەندە هونەریەکانی تایبەت بە سینەما و شانۆ و دراما.
6. سوودێکی زۆر دەبەخشێت بە دەرهێنەر و ئەکتەر و دیزاینەری دەنگ و جێبەجێکاری مۆزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان.
7. زانیاری گرنگ دەبەخشێت بە توێژەر و نوسەر و ڕەخنەگری سینەمایی و شانۆیی و درامی.

### ١ – ٣. ئامانجەکانی توێژینەوە:

ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

1. خستنەڕووی کاریگەرییەکانی دەنگ و دەربڕین لە درامای دۆبلاژکراودا.
2. نیشاندانی تایبەتمەندییەکانی ئەکتەری دۆبلێری دەنگی لە دراما دۆبلاژکراوەکاندا.
3. پێگەیاندنی کادیری دۆبلێری دەنگی تایبەت بە دۆبلاژکردنی بەرهەمە دراماتیکییەکان.

### ١ – ٤ سنورەکانی توێژینەوەکە:

**سنوری شوێن:** هەرێمی کوردستان

**سنوری کات:** ساڵی بەرهەمهێنانی درامای ڕەسەن 2012 – ساڵی دۆبلاژکردنی دراماکە 2016

**سنوری بابەت:** بەکارخستنی هونەری دەنگ و دەربڕین لە درامای دۆبلاژکراودا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ١ – ٥. پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوەکە:

پێناسەی دەنگ و دەربڕین:

أ) پێناسەی دەنگ: ئیبراهیم ئەنیس بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: دەنگ دیاردەیەکی سروشتییە کە ئێمە لە ئەنجامی دەنگدا هەستی پێدەکەین بەبێ ئەوەی ئاگاداری بوونی بین. دەنگ دیاردەیەکی سروشتییە کە پێش ئەوەی هەست بە جەوهەرەکەی بکەین، کاریگەرییەکانی هەست پێدەکەین. زانایانی دەنگی لە ڕێگەی تاقیکردنەوەکان سەلماندوویانە کە هەموو دەنگێکی بیستراو پێویستی بە لەرزین هەیە؛ بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا، ئەم لەرزینانە ڕەنگە لەلایەن چاوەوە هەستیان پێ نەکرێت. هەروەها دەریانخستووە کە لەرزینەکان لە سەرچاوەیەکی دەنگەوە بەناو ناوەندێکی گازی، شل، یان ڕەقدا دەڕۆن تا دەگەنە گوێی مرۆڤ. (أنيس، 1971، ل5-6)

ئیبن جنی دەڵێت: "دەنگ کاریگەرییەکە کە لە هەناسەوە بە شێوەیەکی بەردەوام و درێژکراوە دەردەچێت، تاوەکو لە هەوادا لە قوڕگ و دەم و لێودا دەردەکەوێت، چەند بەشێک دروست دەکات کە لە درێژبوونەوە و درێژیەکەیەوە فراوان دەبن. بۆیە لە هەر شوێنێک دەربکەوێت، ئەو بەشە پێی دەوترێت دەنگ". (الموصلی، 2000،ل6)

پێناسەی ڕێکاری: دەنگ جۆرە وزەیەکە لە ئەنجامی لەرزینی تەنێکەوە پەیدا دەبێت، کاتێک بەناو ناوەندێکی وەک (هەوا، ئاو، یان ماددەی ڕەق)دا دەڕوات شەپۆلی پەستان دروست دەکات، ئەم شەپۆلانە لە ڕێگەی گوێچکەی مرۆڤەوە لێکدەدرێنەوە و وەک دەنگ دەبیسترێن.

ب) پێناسەی دەربڕین: دەربڕین بە گەیاندنی مەبەستی مرۆڤ بە شێوەی زارەکی بە کەسانی دیکە و قەناعەت پێکردن و سەرکەوتنیان پێناسە دەکرێت. هەروەها هونەری قسەکردنە لەگەڵ بینەرێک بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەریان هەبێت. بەم پێیە کۆمەڵە هونەرێکە کە هەموویان ئامانجیان گەیشتن بە یەک ئامانجە، وەک قسەکردن لەبەردەم خەڵک، خوێندنەوەی شیعر، وانەدان و زۆر شتی تر. دەتوانین بڵێین هونەری ئاخاوتن لەبەردەم خەڵکدا هونەری گوتنەوەی وشەکانە بە شێوەیەک کە وشەکان و ماناکانیان ڕوون بکاتەوە. دەربڕین هونەرێکی زگماکییە کە سەرەتا پشت بە سەلیقە دەبەستێت پێش ئەوەی پشت بە یاسا و یاساکان ببەستێت. (عسر، 1993، ل5).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هونەری دەنگ و دەربڕین گوزارشت لە ڕەهەندەکانی کەسایەتی کاراکتەر دەکات بۆیە پێویستە لەکاتی دۆبلاژکردندا تەکنیکی بەکارخستنی نواندنی دەنگی بەشێوەیەکی جوان و کاریگەر وێنە درامییەکان بەرجەستە بکات (مرسی، 2008، ل13-14).

پێناسەی ڕێکاری: دەربڕین بریتیە لە گوزارشتکردن و بەکارهێنانی وشە و هێما و ئاماژە و ڕستەکان بەشێوازێک کە هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ تۆن و چینی دەنگ، ئەمەش بۆ مەبەستی گەیاندنی ناوەڕۆکە بە کەسی بەرامبەر.

**پێناسەی دۆبلاژ:**

دۆبلاژ بە وەرگێڕانی قسەی بینراو و بیستراو پێناسە دەکرێت، واتە وەرگێڕانی قسە لە فیلمێک یان درامایەک بە پشتبەستن بە بنەما زانستییەکانی دەنگ و دەربڕین؛ بە واتای گواستنەوەی دیالۆگەکانی فیلمێک یان درامایەک دێت لە زمانی ڕەسەنی خۆیەوە بۆ زمانێکی دیکە بە گۆڕینی دەنگی کاراکتەر، جا چ دیالۆگ، شرۆڤە، کارتێکەرە دەنگییەکان، یان دەنگی دیکە بێت. (عراب، 2008، ل124)

دۆبلاژ (وەرگێڕانی بینراو و بیستراو) (AVT) ئەو زاراوەیە کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەکاردێت بۆ ئاماژەدان بە گواستنەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە لە پێکهاتە زارەکییەکانی ناو بەرهەمە بینراو و بیستراوەکان. فیلم و دراماکان، شانۆگەرییە میوزیکاڵەکان، ئۆپێراکان و یارییە ڤیدیۆییەکان، لە ڕێگەی کاراکتەرەوە دەنگی ڕەسەن دەگۆڕدرێت بۆ دەنگی دۆبلاژکراو لەمیانی بەکارخستنی تەکنیکی دەنگ و دەربڕینی ئەکتەر. (Bogucki, 2020, P.84)

**پێناسەی ڕێکاری:**

دۆبلاژکردن بریتییە لە پرۆسەی جێگۆڕکێ کردنی دەنگی ڕەسەنی بەرهەمە دراماتیکییەکان بە دەنگی دۆبلاژکراو، لە زمانێکی بیانی بۆ زمانی مەبەست لە ڕێگای بەکارخستنی تەکنیک و تەکنەلۆژیای سەردەمیانە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دووەم/ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### 2-1. هونەری دەنگ و دەربڕین لە درامای دۆبلاژکراودا:

هونەری دەنگ و دەربڕین یان ئاخاوتن زانست و هونەرە، لایەنە زانستییەکەی پەیوەستە بە لایەنی فسیۆلۆژی و فیزیکی مرۆڤەکانەوە. مرۆڤ کە لەدایک دەبێت تاکو کۆتایی ژیانی چەندین گۆڕانکاری بەسەر دەنگی دادێت، ئەمەش مەسەلەیەکی سروشتییە کە پەیوەندی بە قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤەوە هەیە. لە هەمان کاتدا دەنگ و دەربڕین هونەرێکی گرنگە چونکە مرۆڤ بۆ ئاخاوتن پێویستی بە ئەتەکێتی بەکارهێنانی دەنگ و دەربڕین هەیە ئەمەش پەیوەندی بە کات و شوێن و کەشوهەوا و ڕووداوەکانەوە هەیە. هەروەها ڕەگەزی ئاخاوتن ئامرازێکی سەرەکییە بۆ گفتوگۆ و دیداری نێوان کەسەکان لەناو کۆمەڵگادا، هەربۆیە هونەری دەنگ و دەربڕین هێما و ئاماژەیە بۆ دەرکەوتنی کەسایەتی مرۆڤەکان. هەروەها شێوازی بەکارهێنانی دەنگ و دەربڕین گوزارشت لە بابەتە جۆراوجۆرەکان دەکات. بە هەمان شێوەش لە سینەما و درامای تەلەفزیۆنی و درامای دۆبلاژکراودا دەنگ و دەربڕین هونەرێکە بۆ گەیاندنی پەیامی کاراکتەرەکان.. لەکاتی بەکارخستنی دەنگ و دەربڕیندا لای مرۆڤ یان ئەکتەر هەرسێ ڕەهەندی سروشتی و دەروونی و کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، ئەمەش ئاماژەیەکە کە پێویستە مرۆڤ یان ئەکتەر زۆر بە وردی و دیقەتەوە مامەڵە لەگەڵ دەنگهەڵبڕین و دەنگ نزمکردنەوە و گۆڕینی ریتمی وشە دەنگدارەکان بکات. (سالار، 2006، ل13-15)

دەنگ بەهۆی شەپۆلەوە دروست دەبێت، خێرایی شەپۆلەکان پەیوەستە بە پلەی ئەو دەنگە، شەپۆلی بەهێز بەرهەمەکەی پلەی خێرایی دەبێت، بە تریبل ساوند Treble sound، هەروەها شەپۆلی هێواش بەرهەمی پلەنزمی دەنگ بە بێس ساوند Bass sound دەبێت. شەپۆلی دەنگەکان هەرچییەک بێت هەر دەنگە، بۆ نموونە: دەنگی مرۆڤ، ژێیەکانی کەمانچە، یان تەپڵ...هتد، پاڵەپەستۆی هەوا دروست دەکات، دەیکاتە شەپۆلی وزە بۆ هەموو لایەک، هەروەک ئەوە وایە بەردێک فڕێدەیتە ناو گۆماوێکە، سەیری گۆمەکە بکەین، دەبینین هێڵی شەپۆڵ دروست دەکات، چونکە ماددەکان بەشێوەیەکی دیاریکراو ئەو توانایەیان هەیە کە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، دووبارە پاڵەپەستۆ دروست بکەنەوە، واتە: چەقی شەپۆلەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان بە ئاراستەی پێچەوانە و بە مەسافەیەکی دیاریکراو (مەنسور، 2019، ل202).

لەڕووی زانستییەوە دەنگ، سێ زانست لەخۆ دەگرێ، واتە سێ لق، هەرچۆن دەنگەزمان، ئاخاوتنە و لە ئامێری ئاخافتنی مرۆڤەوە پەیدا دەبێ و لە زارەوە دەردەچێت و لە ڕێگای گەیەنەرە هەواییەکەوە بە بیستەر دەگات. لە سایەی ئەو پەرەسەندنە زانستییەی لەم دوایەدا هاتە ئاراوە، قۆناغەکانی دەنگی واتە بەرهەمهێنان و گواستنەوە و وەرگرتن و لەسەر ئەو بنەمایە ئەم سێ لقە زانستەی لێ دەبێتەوە:

یەکەم/ زانستی ئاخاوتنی دەنگەکان: ئەو زانستەیە بایەخ و گرنگی بە جوڵاندنی ئەندامەکانی ئاخاوتن دەداتن. ئەو کۆئەندامە دەنگییەی دەنگ بەرهەم دێنن و دەستنیشانی دەرچەی دەنگەکان و دەرخستنی خاسیەتەکانی. ئەم لقە زانستییە دێرینترین لقیانە.

دووەم/ زانستی دەنگە فیزیکییەکان: دەنگ وزەیە، یان چالاکییەکی دەرەوەیە کە تەنە ماددییەکان دەینوێنن و کار لە گوێ دەکات و کاری بیستن ئەنجام دەدات. ئەرکی ئەم لقە زانستییە فیزیکییە بریتیە لە لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی سروشتی دەنگەکان و هەڵدەستێ بە شیکردنەوەی لەرە و شەپۆلە دەنگییە پەخش و بڵاوەکەی ناو ناوەندە هەواییەکە.

سێیەم/ زانستی دەنگە بیستراوەکان: مەبەست لەو دەنگانەیە کە دروست دەبن و تا بەرگوێ نەکەون و نەبیسترێن و لێیان حاڵە نەبین، بێ بایەخن و لە نرخی نەبووندان، هەروەک نەبووبن، ئەوەی شایەنی باسە، لەم سەردەمە نوێیەدا پتر بایەخ بەم لقە زانستە دراوە و ئاماژە بۆ دوو لایەنی گرنگی کراوە، کە بریتین لە: لایەنی فسیۆلۆژی و لایەنی سایکۆلۆژی یان بە هۆشیاری و عەقڵ ناوبراوە. یەکەم لایەن بابەتی لەرینەوە دەنگییەکان دەگرێتەوە، واتە دەچێتە چوارچێوەی زانستی تایبەت بە ئەرکەکانی کۆئەندامی بیستن. دووەمیان گرنگی چۆنیەتی گەیشتنی کاریگەریەتی دەنگەکان دەدات، کە لە ئاستی گوێی ناوەوە بۆ مێشکی مرۆڤ دەچێ و لەوێدا درک بە هێما دەنگییەکانی دەکرێت. (سالار، 2006، ل15)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2-2. سەرەتاکانی دەرکەوتنی هونەری دۆبلاژ:

سەرەتای دۆبلاژکردن جیاوازە لە سەرەتای ژێرنووسکردن، بەو پێیەی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە. سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا و بە پلەی یەکەم لە ئەوروپا بەکارهێنراوە کاتێک بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٣٦ دەرکەوت بە گوتەی (کاوتسکی)، هەروەها گریمانەی ئەوەی کردووە کە یەکەم هەوڵی دۆبلاژکردن دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٠، بەڵام کوالیتی خراپ بووە، لەبەرئەوەی لەلایەن یەک کەسەوە (بەزۆری وەرگێڕ) ئەنجامدراوە. نموونەیەکی تایبەت فیلمی Na Stope " (H. R. Raymakery)" بوو کە لەلایەن یەک کەسەوە وەرگێڕدراوە و دابەشکراوە و تێکەڵکراوە، بەمەش بووە یەکەم فیلمی دۆبلاژکراو لە چیکۆسلۆڤاکیا (١٩٣٣). دواتر زۆر کەس پرۆسەی هاوکاتکردنی دەنگییان ئەنجامدا، بەڵام کوالیتی باشتر نەبوو. دیالۆگەکان دەنگێکی سروشتییان نەدەدا، سیناریۆکە لە کاتی خۆیدا نەبوو، جوڵەی ئەکتەرەکان بە گشتی دەنگێکی باشی نەبوو. هەموو ئەم هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەی بینەر چێژ لە فیلمەکە نەبینێت. (کاوتسکی) پێی وایە هۆکارێکی دیکە کە هۆکاری شکستی دۆبلاژکردن بوو لە چیکۆسلۆڤاکیا، دوودڵی بینەری چیکی بوو لە بینینی فیلمە ئەمریکی و فەرەنسییەکان کە بە زمانی چیکی قسەیان دەکرد لەبری زمانی ئینگلیزی یان فەرەنسی. (کاوتسکی) ئاماژە بەوە دەکات کە هاتنی تەلەفزیۆن بەشداری کرد لە پەرەپێدانی دۆبلاژکردن، توانی چەند هەنگاوێک گەشە بە هونەری دۆبلاژکردن بدات و بیبێتە نەریتێک لە چەندین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی گرنگی پێ بدرێت (خدیجە، 2016، ل51).

مێژووی دۆبلاژکردن دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سینەمای دەنگی لە ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠. لەو کاتەوە دۆبلاژکردن پەرەی سەندووە، لێرەدا کورتەیەک لەو گەشەسەندنەی دەخەینەڕوو:

1) سەردەمی فیلمی بێدەنگ (پێش ساڵانی بیستەکان): فیلمەکان بێدەنگ بوون، هیچ دیالۆگێکی تۆمارکراویان نەبوو. بەو پێیەی زمانی قسەکردن نەبوو، بۆیە پێویستی بە دۆبلاژکردن نەبوو.
2) داهێنانی دەنگ (کۆتایی ساڵانی ١٩٢٠): لەم قۆناغەدا دەنگ بۆ فیلم و دراماکان زیاد کرا.
3) دۆبلاژکردنی سەرەتایی (1930): یەکەم هەوڵی دۆبلاژکردن ئەوەبوو کە لە ستۆدیۆکان دیمەنەکانیان وێنە دەگرت کە ئەکتەرەکان بە زمانی جیاواز قسەیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکرد. ئەمەش تێچووی زۆر بوو، بۆیە دەستکرا بە تاقیکردنەوەی گۆڕینی دەنگ واتە تۆمارکردنی دەنگەکان بە زمانی مەبەست و و هاوکاتکردنی لەگەڵ جووڵەی لێوی ئەکتەرەکان.

4) سەرهەڵدانی دۆبلاژکردنی پیشەیی (1940-1950): دۆبلاژکردن لە ئەوروپا زیاتر باو بوو، بەتایبەتی لە وڵاتانی وەک ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، فەرەنسا و ئیسپانیا. ئەم وڵاتانە ستۆدیۆی دۆبلاژکردنی پیشەیی و تەکنیکەکانی هاوکاتکردنی دەنگ و وێنەیان پەرەپێدا.

5) پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان (1960-1980): ئامێری تۆمارکردنی دەنگی باشتر، بەرنامە و سۆفتوێری دەستکاریکردنی دەنگ کوالیتی دۆبلاژکردنیان بەرەوپێش برد. دۆبلاژکردن بوو بە ستاندارد بۆ بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان و ئەنیمەیشنەکان و فیلمەکان بە زمانی بیانی لە سەرانسەری جیهان.

6) دۆبلاژکردن بۆ دراما و ئەنیمەیشن (1980-1990): لەم قۆناغەدا بە سەرهەڵدانی دراما و بەرنامە ئەنیمەیشنەکان خواست لەسەر ناوەڕۆکی دۆبلاژکراو زیادی کرد.

7) سەردەمی دیجیتاڵی و جیهانگیری (2000- تاوەکو ئێستا): ئامرازە دیجیتاڵییەکان وایان کردووە کە گۆڕینی دەنگ و هاوکاتکردنی لێو خێراتر و ئاسانتر بێت. پلاتفۆرمەکانی وەک نێتفلێکس، دیزنی و ئەمازۆن پرایم بەرهەمی دۆبلاژکراو بە چەندین زمانی دۆبلاژکراو بەرهەم دەهێنن بۆ ئەوەی بگات بە سەرجەم بینەرانی جیهان.. (Millán & Bartrina Marti, 2017, P 10-14)

بەدرێژایی قۆناغە مێژووییەکان، دۆبلاژکردن گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، لە چارەسەرێکی تەکنیکییەوە بووە بە فۆرمێکی هونەری بەهێز کە پردێکە لە نێوان کولتوور و زمانە جیاوازەکان.

## 3-2. بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی لای دۆبلێر:

مەبەست لە دەربڕین و ئەداکردنی ئامرازەکانی خاڵبەندی لای دۆبلێر، ئەو هێما و ئاماژانەیە کە لە نووسیندا بەکاردەهێنرێ و هەر یەکێکیان واتا و مەبەستێکی هەیە، چ بۆ ماوەی وچان و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەستانی نێوان وشە یان ڕستە، یان دەربڕینی هەست و ناخ و واتا، سەرسوڕمان و پرسیارکردن و بەردەوامبوون...هتد. گرنگترین هێما خاڵبەندییەکانیش کە پێویستە ئەکتەر گرنگیان پێ بدات و ئەدایان بکات لەکاتی دۆبلاژدا ئەمانەی خوارەوەن:

1) خاڵ "." یەکەم و بناغەی هێماکانی خاڵبەندی، بریتییە لە خاڵ، دیارترین بەکارهێنانەکانی خاڵ ئەمانەن:

- بۆ کۆتاییهێنانی ئەو ڕستانەی کە وتە یان دەربڕینێک پێکدەهێنن.
- بۆ کورتکردنەوەی هەندێک پیشە و ناسناو و ڕێکەوت، دوای یەکەم پیت دادەنرێت.
- لەکاتی کورتکردنەوەی هەندێک ناو کە لە چەند وشەیەک پێکهاتوون.

2) جووتخاڵ ":" کە "دوو خاڵ"یشی پێ دەوترێت لەم شوێنانەدا دادەنرێت:

- لەپێش ئاخاوتنێکەوە کە وەک خۆی بگێڕدرێتەوە، یان بگوترێت.
- دوای وشە یان باسێک کە پێویستی بە ڕاڤە و لێکدانەوە بێت.
- پێش هێنانەوەی نموونە. لەم دۆخەدا دەتوانرێت تەقەڵێکیش دوای جووتخاڵەکە دابنرێت.

3) بۆر "،" نیشانەی پشوویەکی کورتە، لەو شوێنانە دادەنرێت، وا لە ڕستەکە بکات ئاسان بخوێنرێتەوە، ڕوون بێت و بەباشی تێ بگەیەنرێت. بۆر، چارەسەرێکی باشە بۆ ڕستەی دووروودرێژی پشووبڕ. جیا لەوە لەم شوێنانەش دادەنرێت:

- لەدوای ناوی بانگکراوەوە.
- لەنێوان ناو و پیشە و پسپۆری یان پێناسەکەی.
- لەو شوێنانەی کە ژماردن و دووپاتبوونەوەی تێدایە، بەڵام لەنێوان دوو وشەی کۆتایی و پێش کۆتایی، لەجێی بۆر، واوێک دادەنرێت.

4) خاڵبۆر "؛" بۆ وچانگرتنێکی درێژتر لە بۆری سادە بەکاردەهێنرێ، زۆرجار، لەو ڕستانەی کە زۆر لەیەک نزیکن لەباتی خاڵ دادەنرێت.

5) نیشانەی پرس "؟" دەخرێتە کۆتایی ئەو ڕستانەی پرسیاریان تێدایە.

6) نیشانەی سەرسڕمان "!" لەکۆتایی ئەو وشانە، یان ئەو ڕستانەی سەرسڕمان، یان پەژارەیی، یان هەستێکی دەروونی تێدایە، بەکاردەهێنرێت (شابان، 2022، ل 121-133).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7) هێڵ یان تەقەڵ "–" بۆ جیاکردنەوەی دوو کەسی گفتوگۆکەر بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی هێندە نەنووسرێت "گوتی".

8) سێخاڵ "..." ئەم سێخاڵە لەبری وشە، یان ڕستە، کە قرتێنراوە، بە مەبەستی کورتکردنەوە بەکاردەهێنرێت. (هاشمی، 2024، ل56-74)

## 4-2. بارودۆخەکانی دەنگ و دەربڕین:

1. گەورەیی دەنگ: بریتییە لە گەورەیی فراوانی دەنگ. تا گەورەیی دەنگەکە زیاتر بێت، ئەوەندە ئاوازدارتر و قورستر دەبێت. هەروەها گەورەیی دەنگی بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە پێکهاتەی ئۆرگانیکی قورگ و ژێی دەنگی. تاڵە دەنگییە ئەستوورەکان دەنگێکی ئاوازدار بەرهەم دەهێنن، لە کاتێکدا تاڵە دەنگییە تەنکەکان دەنگێکی نەرمتر بەرهەم دەهێنن.
2. مەودای دەنگ: بریتییە لە فەزای پان و درێژی دەنگ، وە دەرئەنجامی مەودای دەنگی و گەورەیی دەنگییە بەیەکەوە و تواناکانی دەنگی تێیدا زیاد دەکات لەگەڵ زیادبوونی مەودای دەنگی.
3. نەرمی دەنگ: دەنگە نەرم و نیانەکان بە شێوەیەکی ڕێک و پێک لە نێوان پەستانەکاندا دەجوڵێن. پێچەوانەی قورسایی دەنگییە، چونکە دەنگە قورسەکان بەزەحمەت دەتوانن بە ئاسانی لە نێوان زەنگەکاندا بجوڵێن.
4. ڕوونی دەنگ: پاکی دەنگ و ڕزگاربوونیەتی لە عەیب و کەموکوڕی. ئەم کوالیتییە لە دەنگێکەوە بۆ دەنگێکی تر دەگۆڕێت و بەندە بە وەرگر و ئەو گرنگیپێدانەی کە لەگەڵ دەنگەکەدا دەکرێت. ڕوونی دەنگ هەستێکە کە ئەکتەری دەنگ بە تایبەتی پشتی پێ دەبەستێت.
5. جوانی دەنگ: جوانی دەنگ یارمەتی ئەکتەر دەدات بۆ ڕاکێشانی وەرگر و گەیاندنی ماناکە بە شێوەیەکی نائاگایی. هەندێک دۆبلێر هەن کە ئەو تۆنە نەرمەیان نییە کە یارمەتیان بدات لە ئەداکردنی ڕستەکانی دیالۆگدا. جوانی دەنگ لە بەکارهێنانی باشی چینەکانی ژێی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەنگی بەپێی ئاخاوتن و بێژەکردنی پیتەکان بەشێوەیەکی دروست و بەکارهێنانی تۆنی گونجاو لەگەڵ کارەکتەری ناو دیمەنەکەدا نیشان دەدرێت. (رضا، 2019، ل51، 52، 119)

6. ئاواز (Intonation): بریتییە لە زانینی هەماهەنگی تۆنی گونجاو و ڕێکخستنی لە کاتی تۆمارکردنی دەنگدا، وەک دانانی کۆما لە شوێنی گونجاو، وەستان، درێژکردنەوە یان کورتکردنەوەی مانا لە ڕستەی دیالۆگدا، لە هەمان کاتدا پێدانی وشەکە بەپێی فەزای بزوێنەکان لە نێوان ڕستەیەک و ڕستەیەکی تردا. (علی، 1982، ل47) ئەوە فرەچەشنی دەنگە کە لە دەنگێکەوە بۆ دەنگێکی تر لە نێوان بەرز و نزمدا دەگۆڕێت، ئەمەش ڕەنگ و ڕیتمی گونجاو دەدات بەو تۆنەی کە لە دەنگدا جیاوازە و لە ڕێگەیەوە دەتوانین جیاوازی بکەین لە نێوان مانای ڕستە و وشەکان کە دۆخی دەروونی و سۆزداری کارەکتەرەکە لە وێنەی بیستراو و بیستراودا نیشان دەدەن. (فروم، 2020، ل142)
7. ئەدای باش: ئەدای باش پەیوەستە بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەوەی کە دۆبلاژکەر چی دەڵێت یان ئەنجام دەدات، هەروەها پەرەپێدانی دیزاینێک لەناو ستۆدیۆی دۆبلاژکردندا بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی ڕوون لە نێوان ناوەڕۆک و شێوازی دەربڕین و نمایشەکەدا هەبێت، واتە دۆخی ئاکۆستیکی یەکگرتووی دەنگ و وێنەکە پێکەوە. لێرەدا دۆبلاژکەر دەبێت هەناسەدانی باش و وشەکان و بێژەکردنی پیتەکان و ڕیتمێکی گونجاو بۆ هەر بارودۆخێک لەبەرچاو بگرێت. (رضا، 2019، ل119-124)

## 5-2. تەکنیکی هاوکاتکردن لە هونەری دۆبلاژدا:

تەکنیکی تۆمارکردنی دۆبلاژی دەنگی بنەمای کاری دۆبلاژکردنە، بەو پێیەی وێنەکە لە کارە دەنگی و بیستراوەکانی دۆبلاژکراودا لەگەڵ دەنگەکەدا تۆمار ناکرێت، پرۆسەی ئاوازدانان و زیادکردنی دەنگی دۆبلاژکراو بۆ وێنەکە هاوکاتە. ئەمەش پرۆسەیەکی ئاڵۆزە چونکە دەنگ چەند توخمێکی تێدایە کە ناتوانرێت بەجیا تۆماربکرێن یان لەیەکتر جیابکرێنەوە، بەڵکو لە هەمان کاتدایە، بۆیە دیالۆگەکە لەناو ستۆدیۆکەدا لەلایەن تیمێکی تەکنیکی تۆمار دەکرێت لە ستۆدیۆی دەنگ. ئەم پرۆسەی تۆمارکردنە پێی دەوترێت تەکنەلۆژیای دۆبلاژکردن، واتە تۆمارکردنی دیالۆگەکە هاوکات لەگەڵ وێنەکەدا لەناو ستۆدیۆی تۆمارکردنی دەنگیدا بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەدەستهێنانی بەرزترین پلەی کوالیتی و ڕوونی دەنگ. لە ستۆدیۆدا هەردوو دەنگ و وێنەکە بە جیا و لە یەک کاتدا هاوکات دەکرێن، پاشان دەستکاری دەکرێن و وەشانی کۆتایی کارە دۆبلاژکراوەکان بەرهەم دەهێنرێت.(حکمت، 2011، ل96) بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە سەرکەوتوو بێت، دۆبلاژەکە پشت بە تەکنیکێکی سەرەکی دەبەستێت کە بە هاوکاتکردن ناسراوە.

یەکەم کەس کە باسی بابەتی هاوکاتی کرد، تیۆریست و توێژەر "فۆدۆر" بوو، کە لە توێژینەوەکانیدا باسی ئەم بابەتەی کرد و کاری لەسەر پەرەپێدانی ئەو ڕەگەزە کرد کە پێی دەوترێت دەنگی بینراو، کە پەیوەندی بە جوڵەی لێوی ئەکتەری ڕەسەن و دەنگی تۆمارکراوی دۆبلاژەوە هەیە. (نصرالدين، ب. س، ل16).

### 6-2. جۆرەکانی هاوکاتکردن:

1. **هاوکاتکردنی دەنگ یان هاوکاتکردنی لێوەکان:** ئەم جۆرە هاوکاتکردنە توخمێکی سەرەکییە کە وەرگێڕی دەقەکە کاری لەسەر دەکات بە هەڵبژاردنی فۆنێمی گونجاو بۆ جوڵەی لێوی ئەکتەری ڕەسەن.
2. **هاوکاتکردنی جوڵەیی:** ئەم جۆرە هاوکاتکردنە لە سەرەتادا پێی دەگوترا هاوکاتکردنی کاراکتەرەکان، ئەمەش لەلایەن تیۆریست فۆدۆرەوە پێشنیار کراوە. دواتر تیۆریستەکانی بوارەکە ڕێککەوتن لەسەر بەکارهێنانی زاراوەی هاوکاتی جوڵەیی، کە پەیوەندی بە هەموو جوڵەیەکی جەستەییەوە هەیە کە ئەکتەرە ڕەسەنەکە ئەنجامی دەدات و ئەو ڕستە دیالۆگانەی لە نێوان کارەکتەرەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێن.
3. **هاوکاتکردنی نێوان قسەکردن و وەستانەکان:** بریتییە لە هاوتاکردنی دیالۆگی وەرگێڕدراو لەگەڵ قسەی ئەکتەر لەسەر شاشە، بە لەبەرچاوگرتنی خاڵ و فاریزە و بێدەنگیەکانی، واتە هەڵبژاردنێکی گونجاو بۆ ڕستە و وشەکان لە دیالۆگەکەدا کە بە تەواوی لە درێژی و چڕی و کورتیدا بەرجەستە بکرێن، بەجۆرێک کە ئەکتەرە ڕەسەنەکە نەتوانێت لە قسەکردن بوەستێت لەکاتێکدا دەنگی ئەکتەری دۆبلێر هێشتا بەردەوامە یان بە پێچەوانەوە (نصرالدين، ب.ت، ل22-23).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. **هاوکاتکردنی وێنە و دەنگ:** ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک تەکنیک کە دەنگ و وێنە دوای تۆمارکردنیان هاوکات دەکەن، بە واتایەکی تر بریتیە لە هاوکاتکردنی مەودای دیالۆگی کاراکتەری درامای ڕەسەن لەگەڵ دیالۆگەکانی کاراکتەری دۆبلێر(تیروزجورنو، 2009، ل84-85)

## 7-2. بەکارخستنی دەنگ و دەربڕین بەشێوەی دۆبلاژ:

بەکارخستنی هونەری دەنگ و دەربڕین بەشێوەی دۆبلاژ زۆر جیاوازە لەگەڵ ئاخاوتنی نێوان دوو کاراکتەر لە شانۆ و فیلم و زنجیرە درامادا، لەبەرئەوەی بەرکەوتن یان ململانێی ڕاستەوخۆ لەنێوان دوو کاراکتەردا لە فەزای ستۆدیۆی دۆبلاژکردندا بەریەک ناکەون؛ چونکە دۆبلێرەکان وێنای ئەو وێنە بینراوە ڕەسەنە دەکەن کە لەبەرچاویانە، هەروەها هەوڵ دەدەن بەتەواوی بچنە ناو ڕۆڵی کاراکتەرە ڕەسەنەکە لە کەشوهەوایەکی سایکۆلۆژی و هونەری و دراماتیکی. (علی، 1982، ل19)

هونەری دۆبلاژکردن بریتییە لە هونەری بێژەکردنی وشەکان بە دەنگی بەرز بە شێوەیەک کە وشە و ماناکانیان ڕوون بکاتەوە. بۆ ئەوەی لە گرنگی ئەم هونەرە تێبگەین، پێویستە ئەوە بزانین کە هیچ کۆمەڵگایەک نییە هونەری قسەکردن و خوێندنەوە و نمایشی گونجاوی لە زمانەکەیدا نەبێت، کە دۆبلێر پشتی پێ ببەستێت. وەرگێڕی دەقی بینراو و بیستراو کار دەکات بۆ ئەوەی بە وردی هەڵیبژێرێت، ئەمەش ئەو بناغە و ڕێسا و پرەنسیپانە دروست دەکات کە یارمەتیدەرن لە پراکتیزەکردنی دۆبلاژێکی باش و سەرکەوتوو لە دراما و میدیای بینراو و بیستراودا. (منال، 2014، ل140-142)

لە هونەری دۆبلاژی دەنگی پێویستە شێوە و ناوەڕۆک هاوتەریب بن، بە مانایەکی تر دەقی وەرگێڕدراو لە درامای دۆبلاژکراودا دەبێ هاوشێوەی دراما ئەسڵییەکە هێما و مانا و ستایلی بنەڕەتی خۆی لەدەست نەدات، بەشێوەیەک کاتێک بینەر بەراوردی دەنگەکان دەکات هەمان هەست و سۆز و چێژی لا گەڵاڵە بێت و هەڵگری هەمان فیکر و هونەر و ئیستاتیکا بێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 8-2. ئامرازە بنەڕەتییەکان بۆ دۆبلاژکردنی دەنگ:

گرنگترین بەرنامە و ئامرازە بنەڕەتییەکان بۆ دۆبلاژکردنی دەنگ بریتین لە:

1. ئەدۆب ئۆودیشن سی سی (Adobe Audition CC): ئەمە ئامرازی سەرەکییە کاتێک باس لە دۆبلاژکردن دەکرێت، ئەدۆب ئۆودیشن وێستگەیەکی کاری دەنگی دیجیتاڵی گشتگیرە (DAW) کە بۆ تۆمارکردن و دەستکاریکردن و تێکەڵکردنی دەنگ (Mix) بەکاردێت.
2. وەیڤ پاد (Wave pad): دوای Adobe Audition CC، Wavepad دووەم باشترین بژاردەیە بۆ دۆبلاژکردنی دەنگی. بەرنامەیەکی نایاب و گونجاوە بۆ دەستکاریکردنی دەنگی بەکاردێت بۆ دۆبلاژکردنی دەنگ.
3. ماجیکس میوزیک مەیکەر (Magix Music Maker): ئەم بەرنامەیە هەموو کەسێک دەتوانێت بەکاریبهێنێت چونکە بەکارهێنانی لەڕادەبەدەر ئاسانە. ڕووکارێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، ئەمەش وایکردووە ببێتە هەڵبژاردەیەکی سەرەکی لەنێو ئەندازیارانی دەنگ و تەکنیککارانی دۆبلاژ.
4. فری ئۆدیۆ دەب (Free Audio Dub): ئەمە ئامرازێکی سادە و کاریگەرە کە دەتوانرێت بۆ دۆبلاژکردنی دەنگی بەکاربهێنرێت. گرافیکی تێدا نییە بەڵام ئامرازی دەستکاریکردنی بەسوود پێشکەش دەکات.
5. ئۆوداستی (Audacity): ئامرازێکی تری دۆبلاژکردنی دەنگی بێبەرامبەرە کە لەلایەن هەردوو ئاماتۆر و پیشەگەرەکانەوە بە هەمان شێوە ڕیزبەندییەکی بەرزی پێدراوە، چونکە ڕووکارێکی زۆر سادەی هەیە و لە هەمان کاتدا بەکارهێنانی ئاسانە.

## بەشی سێیەم/ جێبەجێکردنی توێژینەوە

**کۆمەڵگەی توێژینەوە:** بریتیە لەم زنجیرە دراما بیانیانەی کە لەنێوان ساڵانی 2010 تا 2020 لە لایەن تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کۆمپانیاکان دۆبلاژکراون بۆ سەر زمانی کوردی، بەڵام بەشێوەیەکی مەبەستدار زنجیرە دراماى (کچە زەنگین و کورە هەژار) وەک نموونەی توێژینەوە هەڵبژێردراوە چونکە هەم لە دراما ڕەسەنەکە و هەم لەکاتی دۆبلاژدا دەنگ و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەربڕین زۆرترین بایەخی پێ دراوە و لەکاتی دۆبلاژدا دۆبلێرەکان هەوڵیان داوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی دەنگ و دەربڕین هەمان هەست و سۆزی دراما ڕەسەنەکە بگوازنەوە و لە هەمان کاتدا مۆرکی کوردی پێوە دیار بێت.

**ئامرازی توێژینەوە:**

1) بینینی دراما دۆبلاژکراوەکە لە یوتوب.
2) خوێندنەوە و بەدواداچوون بۆ ئەو نووسین و وتارانەی لەسەر ئەم درامایە نووسراون.
3) بەراوردکردنی زنجیرە دراما بیانیە ڕەسەنەکە لەگەڵ زنجیرە دراما دۆبلاژکراوە کوردییەکە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی شیکاری) بەکارهاتووە.

**نمونەی توێژینەوەکە: زنجیرە درامای (کچە زەنگین و کورە هەژار)**

ناوی دەرهێنەر: Hasan Tolga Pulat

سیناریست: Yasar Arak ،Birol Güven ،Metin Açikgöz ،Caner Güler ،Müfit Can Saçinti

ژمارەی ئەڵقە: 136 ئەڵقە

ماوەی هەر ئەڵقەیەک: 110 خولەک

جۆری دراما: (خێزانی - ڕۆمانسی - کۆمیدی)

زمانی ڕەسەنی دراما: تورکی

ناوی کاست:

| ناوی ڕەسەنی ئاکتەر | ناوی ئاکتەر لە درامادا |
|---|---|
| Ufuk Özkan | Nurhan Süleymanoğlu |
| Ecem Özkaya | Biricik Yılmaz Süleymanoğlu |
| Hüseyin Avni Danyal | Kemal Yılmaz |
| Ayda Aksel | Serpil Yılmaz |
| Mahir İpek | Sarp Güngör |
| Gözde Okur | Rüyam Yılmaz Güngör |

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | |
|---|---|
| Mahmut Süleymanoğlu | Ferdi Akarnur |
| Badire Süleymanoğlu | Zerrin Epikmen |
| Şükrü Uzunyayla | Kemal Kuruçay |
| Meryem Uzunyayla | Şeyla Halis |
| Burhan Süleymanoğlu | Özgün Aydın |
| Ceyda Günay | Yağmur Sevgi Koysal |
| Hakan | Ali Barışık |
| Filiz | Eylül İlbey |
| Fatma Keskin | Gülnihal Demir |
| Junior Kemal Uzunyayla | George Havuçoğlu |
| Mehmet | Tunahan Büyükercan |
| Lütfü Acaroğlu | Doğan Tank |
| Erdem | Ertan Gül |
| Pelin | Elza Filiz Vatansever |
| Tuğba | Tuğba İlmaz |
| Cezmi | Oktay Gülbay |
| Sevim | Asuman Kostak |
| Azad | Azizağa Azizov |
| Samire | Senuber İsgenderli |
| Aydoğan | Aydoğan Demirkıran |
| Meyra Eserkaya | Aslı Şahin |
| Mahmut Kemal Süleymanoğlu | Mustafa Kerem Ayyıldız |
| Ramin | Nicat Habibov |
| Nazlı Yılmaz | Duygu Boztepe |
| Cavidan | Çağlar Bade Türe |
| Zehra | Canan Karanlık |
| Ayhan Komiser | Ayhan Manioğlu |
| Melek | Öznur Ön |
| Aslı Akdağ | Aslı Akdağ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | |
|---|---|
| Timuçin Güngör | Yıldırım Öcek |
| Şevval Güngör | Oya İnci |
| Veysel Göryaka | Kıvanç Baran Arslan |
| Başak | Alara Keçeci |
| Ali Kemal Denizci | Ali Kemal Denizci |
| Alev | Burçin Abdullah |
| Şafak | Özgür Şahbaz |

**ناوی کۆمپانیای دۆبلاژ:** کوردماکس

**ساڵی دۆبلاژ:** 2016

**وەرگێڕانی بۆ کوردی:** سیڤەر ئەحمەد

**ڕیکۆرد:** ئاری قادر

**میکس:**

1. سۆران عەبدوڵا
2. ساکار سەعدی
3. هێور کوردە

**مۆنتاژ:** محمد سەلاح

**بەڕێوەبەری هونەری:** زاهیر ئیبراهیم

**سەریەرشتیاری دۆبلاژ:** هاوار حەمید

**ستافی دەنگەکانی دۆبلاژ:**

| | | |
|---|---|---|
| سایە حوسێن | ئەژین سەلیم | محمد سەلاح |
| جوتیار ساڵەیی | گێلاس ناصر | سروشت محمد |
| هاوار حەمید | سارا عبداللە | ئاری قادر |
| هێرۆ مەولودی | بارزان ئاراس | محمد تاریق |
| ژیار اسماعیل | هاوبیر حسین | سۆران عبداللە |
| سەنگەر حوسێن | هێور کوردە | بێگەرد جیهانگیر |
| سەرکار ستار | ئاراس محمد | ڕێڤان ئەحمەد |
| بارزان سنجاوی | ساکار سەعدی | هاوژین جەمال |
| دلڤین موحسین | محمد تاهیر | سەرهەنگ شێرزاد |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| بژوێن محمد | هەردی ئەنوەر | |
| هەژار دەرڤیجە | ڕابەر شێرزاد | |

**چیرۆکی دراماکە:**

(کچە زەنگین و کوڕە هەژار) زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی خێزانی و ڕۆمانسی تورکییە کە لەلایەن کۆمپانیای Mint Production بەرهەم هێنراوە، زنجیرەکە لە چوار وەرز پێکهاتبوو، کۆتاییەکەی بە ئەڵقەی ١٣٦ کۆتایی هات.

زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی تورکی کۆمیدی ڕۆمانسییە و ئوفوک ئۆزکان و ئێجەم ئۆزکایا ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن. بەرهەمی لەلایەن بیرۆل گیوڤەنەوە بووە. زنجیرەکە لە 30ی ئابی 2012 لە کەناڵی 1 TRT دەستپێکرد و لە ٢٨ی ئابی ٢٠١٥ دوایین ئەڵقە (ئەڵقەی 136) پەخشکرا.

کەمال بەگ، بازرگانێکی لەڕادەبەدەر دەوڵەمەندی خەڵکی ترابزۆنە، گەورەترین خولیای ژیانی سەرمایەداری و بازرگانییە: هاوسەرەکەی ناوی سێرپیلە و کچەکانیشی ناویان (ڕویام و بیریچیک)ـە. کاتێک کچە بچوکەکە واتا بیریچیک، قۆڵی نورهان دەگرێت و دەیهێنێتەوە ماڵەوە و دەڵێت ئەمە ئەو پیاوەیە کە هاوسەرگیری لەگەڵ دەکەم، هەرچەندە پێدەچێت نورهان چەقۆکێش و تەنانەت گەمژەش بێت. کەمال بەگ دەیکاتە فەرتەنە و تووڕە دەبێت و دەست دەکات بە گەڕان بەدوای ڕێگایەکدا بۆ ڕزگاربوون لە چەقۆکێشێکی وەک نورهان. گەورەترین یارمەتیدەری ئەو لەم ڕێگایەدا، سارپە کە دەزگیرانی ڕویامی کچەگەورەیەتی. هەرچەندە سارپ وەک کاندیدێکی زاوای دەوڵەمەند و ڕۆشنبیر و شایستە بۆ کچە گەورەکەی دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا خەریکە ئیفلاس دەکات. سارپ ئەو جۆرە کەسەیە کە ئامادەیە هەموو یارییەک بکات بۆ ئەوەی دەست بەسەر کۆمپانیاکانی کەمال بەگ دابگرێت، هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات بۆ ئەوەی خۆی جیاواز بکاتەوە لە بەرامبەر کاندیدی زاوای نوێ واتە نورهان و بەهۆی ئەم هەڵوێستەوە قەدرزانی کەمال بەگی خەزووری بەدەست دەهێنێت. بەڵام بەو پێیەی هەمیشە کەسانی باش لە کۆتایی ڕێگاکەدا سەردەکەون، کاندیدی زاوای نوێ واتە نورهان سەردەکەوێت و بەرز دەنرخێنرێت. بە تێپەڕبوونی کات و بەتایبەت کەمال بەگ و

هەموو خێزانەکە نورهانیان زۆر خۆشدەوێت، بەڵام سارپ و شوکرو هەموو جۆرە پلانێک دادەرێژن.

لە (زنجیرەی کچە زەنگین و کورە هەژار)دا چاکە و ڕاستی سەردەکەوێت، هاودەنگی و هاوکاری خێزان و دروشمی چاکەکاری لەخۆدەگرێت، ئەوە دەردەخات کە جیاوازی چینایەتی شتێک نییە مرۆڤەکان لەیەکتر جیا بکاتەوە.

لەم درامایەدا، بیریچیک و نورهان دەست دەکەن بە گەڕان بەدوای چاودێرێک بۆ کوڕەکەیان. ئەلەڤ کە وەک چاودێرێک دێتە لای مەحمود کەمال، شەیتانێکی گەنج و جوان و مەترسیدارە و ڕووخسارێکی فریشتەی هەیە. کاراکتەری ئەلەڤ، کە خۆشەویستییەکی قووڵ و شیزۆفرینی بۆ نورهان هەیە و پێی وایە مەحمود کەمال کوڕی خۆیەتی، متمانە و خۆشەویستی هەموو خێزانەکە بەدەست دەهێنێت، بەڵام لە دەرفەتێکدا دێتە نێوان بیریچیک و نورهان و هەموو ئارامییەک لە پەیوەندی و خێزانەکەدا لەناو دەبات. هەمووان بێ ئاگان لەم پلانانەی ئەلەڤ. سارپ کە ئێستا بە فەرمی زاوای ئەو بنەماڵەیە، بەپەلە دەیەوێت منداڵێکی هەبێت بۆ ئەوەی قسەی هەبێت لەناو خێزانەکەدا، بەڵام بۆ ماوەیەک ناتوانێت منداڵیان ببێت. بارودۆخی سارپ دەبێتە هۆی ئەوەی مەحمود کەمال کە منداڵی نورهانە ببێتە تاکە میراتگری تەواوی سەروەت و سامانی ئەو بنەماڵەیە.

لە لایەکی ترەوە نورهان و سارپ بەشدار دەبن لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکەدا، ناکۆکیەکانیان لەناو ماڵەکەدا لە ژینگەی کۆمپانیا و بازرگانیدا بەردەوام دەبێت. کەمال بەگ دوای خانەنشینبوونی لە کۆمپانیاکەی نازانێت کاروبارەکانی کارگێڕی کۆمپانیاکەی بە کام زاوای بسپێرێت، نورهان بە ڕاستگۆیی و دەستپاکی و چاکەی خۆی لە هەموو تاقیکردنەوە و تەڵەیەک کە سارپ ئامادەی کردووە ڕزگاری دەبێت. ئەمەش گەورەترین ململانێی ڕووداوەکانی نێو دراماکەیە.

## شێوازی دەنگ و دەربڕین لە زنجیرە درامای دۆبلاژکراوی کوردی (کچە زەنگین و کوڕە هەژار):

شێوازی دەنگ و دەربڕین لە درامای دۆبلاژکراوی کوردی (کچە زەنگین و کوڕە هەژار) بریتیە لە پرۆسەی گۆڕینی دیالۆگ لە دراما ڕەسەنەکە بە تۆمارکردنی دەنگێکی نوێ بە زمانی کوردی، لە

هەمان کاتدا هەوڵدان بۆ هاوتاکردنی جوڵەی لێو و هەست و سۆزی ئەکتەرە ڕەسەنەکان. بەگشتی ئەم تەکنیکە بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی دراما ڕەسەنە تورکییەکە بگات بە بینەری کوردی. لە کاتی دۆبلاژکردنی ئەم درامایە هەوڵ دراوە دەنگی دۆبلێرەکان هاوتای دەنگی ئەکتەرانی دراما ڕەسەنەکە بێت، بۆ نموونە دەنگی ئەکتەری سەرەکی (بیریجیک) بە دەنگی خانمە دۆبلێری کورد (سایە حوسێن) دۆبلاژ کراوە، کە دەنگی ئەم دۆبلێرە هاوتای دەنگی ئەکتەری دراما ڕەسەنەکەیە لەڕووی چین و تۆنی دەنگی و ڕیتمی بەرزبوونەوە و خاوبوونەوەی دەنگەکان لەکاتی هەڵچوون و ئارامبوونەوە و گەیاندنی هەمان هەست و سۆزی ڕۆمانسییەت لە دراما ڕەسەنەکە. لەلایەکی ترەوە بۆ هەڵبژاردنی دۆبلێرە دەنگییەکان هەوڵ دراوە ڕەچاوی لایەنی کەسایەتی و تەمەن و وزەی ئەکتەرەکانی دراما ڕەسەنەکە بکرێت، بۆ نموونە دەنگی (کەمال یەلماز) کە گەورەی خێزانێکی دەوڵەمەند و شاهانەیە و یەکێکە لە ئەکتەرە بە تەمەنەکانی ناو دراماکە، دەنگی دۆبلێری کورد (هاوار حەمید) هەڵبژێردراوە کە دەنگێکی پڕ و لێوانلێو لە متمانەبەخۆبوونی هەیە، یان بۆ دەنگی (شوکرو) دەنگی دۆبلێری کورد (بارزان سنجاوی) هەڵبژێردراوە کە دەنگێکی ناسک و تیژ و کۆمیدی هەیە، سەرجەم هەڵبژاردنی ئەم دەنگانە بەشێوەیەک ئەنجام دراوە کە هاوتای دەنگی دراما ڕەسەنەکە بێت.

سەرجەم دۆبلێرەکان زۆر بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەنگ و دەربڕین کردووە لەکاتی گۆڕانکارییە سۆزدارییەکان و گاڵتەجاڕی و بێدەنگی و تووڕەبوون و هەناسەخواردنەوە و دەربڕینی ڕۆمانسیەت، پێکەنین، هەناسەبڕکێ، پاککردنەوەی قوڕگ بە شێوەیەکی نائاسایی، یان بۆنکردن، سەرجەم ئەمانەیان هاوشێوەی دراما ڕەسەنەکە تەنها لە ڕێگەی نواندنی دەنگییەوە گەیاندووە بە بینەر.

لەم درامایەدا ئەکتەرە دەنگییەکان هاوسۆزی کارەکتەرەکە ڕەسەنەکەن، واتە ئەوە نیە تەنها دێرەکانی دیالۆگە وەرگێڕدراوەکە بخوێننەوە، بەڵکو ڕۆچوونەتە ناو قووڵایی کەسایەتی و ڕۆڵی ئەکتەرە ڕەسەنەکان. بۆ نموونە دەنگی (سارپ) کە بە دەنگی دۆبلێری کورد (سەرکار ستار) دۆبلاژکراوە، لەکاتێکدا هەوڵ دەدات ئیرەییەکانی بشارێتەوە، زەردەخەنەیەکی ساختە دەکات، شێوازی دەنگی ئەم زەردەخەنەیە بە شێوەیەکی نادیار هەست بە ئیرەیی دەکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە زۆربەی کاتەکاندا ئەکتەرە دۆبلێرەکان بە جەستە بەشدارییان کردووە، بە واتایەکی تر هەندێک جووڵە هەیە وزە دەخاتە ناو دەنگی دۆبلێرەکانەوە، بۆ نموونە کارەکتەرێک کە ڕادەکات یان دەگری نابێت لە دەنگی دۆبلاژکراودا ئارام و لەسەرەخۆ دەربکەوێت.

بەو پێیەی دۆبلاژکردن تەنها گێڕانەوە نیە بەڵکو ڕۆڵ بینینە بەشێوەی دەنگی. واتە بینەر دەموچاوی ئەکتەرە تورکەکە دەبینێت بەڵام دەنگی دۆبلێرێکی کورد دەبیستێت، بۆیە لەم دراما دۆبلاژکراوەدا دەنگی دۆبلێرەکان هەڵگری تەواوی قورسایی دەنگی ئەکتەرە ڕەسەنەکەن.

ئەوەی شایەنی باسە موزیکی (نیهاڤێنت لۆنگا) (Nihavent Longa) وەک موزیکی گشتی زنجیرە دراماکە بەکارهاتووە، بە هەمان شێوە لە دراما دۆبلاژکراوەکەش وەکو خۆی بەکارهاتووە، چونکە ئەم موزیکە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە گەرموگوڕکردنی نواندنی دەنگی و دیاریکردنی ریتمی دیمەنەکان و بەرزکردنەوەی بونیادی درامی کێشە و ململانێکان بە ئاراستەی لوتکە.

## بەشی چوارەم/ ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوەکان

### 4-1. ئەنجام

1. لە کاتی دۆبلاژکردنی ئەم درامایە هەوڵ دراوە دەنگی دۆبلێرەکان هاوتای دەنگی ئەکتەرانی دراما ڕەسەنەکە بێت لەڕووی تۆنی دەنگ و ریتمی دەنگ و ڕەچاوکردنی تەمەن و کەسایەتی و وزەی کاراکتەرەکانی ناو دراما ڕەسەنەکە.
2. هونەری دەنگ و دەربڕین وەک ئامرازێکی گێڕانەوە لە درامای (کچە زەنگین و کوڕە هەژار)دا، گۆڕانی تۆن و ریتمی دەنگ و دەربڕین لە دەنگە دۆبلاژەکاندا یارمەتیدەرە بۆ ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی بونیادی درامی کارەکتەرەکان و گۆڕانی باری دەروونی و گرژییە بنەڕەتییەکان کە بەهۆیە گێڕانەوەکە دەوڵەمەند دەکات.
3. لە درامای دۆبلاژکراوی کوردی (کچە زەنگین و کوڕە هەژار)دا موزیکی (نیهاڤێنت لۆنگا) وەک موزیکی گشتی زنجیرە دراماکە بەکارهاتووە، ئەم موزیکە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە گەرموگوڕکردنی نواندنی دەنگی و بەرزکردنەوەی بونیادی درامی و ریتمی دیمەنەکان و کێشە و ململانێکان بە ئاراستەی لوتکە.

4. لەکاتی دۆبلاژکردنی درامای (کچە زەنگین و کورە هەژار)دا لەلایەن دۆبلێرەکانەوە زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ بەکارخستنی دەنگ و دەربڕین کراوە لەکاتی گۆڕانکارییە سۆزدارییەکان و گاڵتەجاڕی و بێدەنگی و تووڕەبوون و هەناسەخواردنەوە و دەربڕینی ڕۆمانسیەت بە ڕەچاوکردنی هاوکاتکردنی لێو (Synchronization).
5. لە هەندێک بارودۆخدا، ئەکتەرە دۆبلێرەکانی درامای (کچە زەنگین و کورە هەژار) بە جولەی جەستە بەشدارییان کردووە، بە واتایەکی تر هەندێک جووڵە هەیە وزە دەخاتە ناو دەنگی دۆبلێرەکانەوە.

## 2-4. پێشنیار:

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا پێشنیار دەکەین توێژینەوە لەسەر ئەم ناونیشانانەی خوارەوە ئەنجام بدرێت:

1. کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی درامای دۆبلاژکراوی کوردی بۆ سەر زمانی کوردی.
2. ڕەنگدانەوەی گواستنەوەی کەلتوری گەلان لەڕێگەی درامای دۆبلاژکراوی کوردیدا لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا.
3. ڕۆڵی دراما دۆبلاژکراوە بیانییەکان لە دروستکردنی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاکان.

## 3-4. ڕاسپاردەکان:

لە پەراوێزی ئەم توێژینەوەیەدا ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

1. پێویستە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتییەک دابمەزرێت بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی هونەری دۆبلاژ)، بە مەبەستی بەرهەمهێنانی سەرجەم بەرهەمە دۆبلاژکراوەکان بە کوالێتییەکی بەرز کە بگونجێت لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگای کوردەواری.
2. پێویستە ئەکتەری دۆبلێر لە ڕێگەی هونەری دەنگ و دەربڕین هەمان هەست و سۆزی کاراکتەری نێو دراما ڕەسەنەکە بگەیەنێت بە بینەر.
3. هونەری دۆبلاژ ببێتە وانەیەک لە بەشی سینەما و شانۆی کۆلێژ و پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بخوێندرێت بە شێوەی تیۆری و پراکتیکی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان

أنيس، إبراهيم (1971). الأصوات اللغوية، ط1، مطبعة الإنجلو، القاهرة، مصر.
تيريزجورنو، ماري (2009). معجم المصطلحات السينمائية، ت: فائز بشور، أستاذة في جامعة باريس الحديدة السوربورن الجديدة.
حكمت، البياضي (د.) (2011). جماليات وتقنيات الصوت، وحدة الإصدارات – دراسات سينمائية، الطبعة الأولى، القاهرة.
خديجة، بوسماحة (2016). حدود الدبلجة بين الأمانة والتصرف في السينما الجزائرية – دراسة تطبيقية، رسالة ماجستير، جامعة أحمد بن بلة1 – السانيا.
رضا، مصطفى عباس محمد (2019). فن الصوت والإلقاء فى الإذاعة والتلفزيون، طبعة الأولى، دار أمجد للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.
سالار، ئەحمەد (1998). ووتاربێژی و دەمودو، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
سالار، ئەحمەد (2006). زانستی دەنگ و ئاخافتن، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
شابان، کوردۆ (2022). ڕاستنووسی، لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی، هەولێر.
عراب، عبدالغاني (2008). الدبلجة وآثارها الإجتماعية والثقافية في القنوات الفضائية العربية، المسلسلات المدبلجة كعينة للبحث، جامعة باجي مختار، الجزائر، عنابة.
عسر، عبدالوارث (1993). فن الإلقاء، هيئة العامة المصرية للكتاب، مصر.
على، الخولى محمد (د.) (1982). معجم علم الأصوات، طبعة الأولى، الرياض.
فروم، هشام - بركاني، محمد رضا (2020). مقاربة الدلالة الصوتية في اللغة العربي، مجلة دراسات وأبحاث المجلة العربية للأبحاث والدراسات في العلوم الإنسانية والإجتماعية، المجلد 12، العدد2.
مرسى، خالد توكال (2008). فن الإلقاء والتحرير الكتابى، مكتبة الأداب، مصر.
منال، أبو الحسن (د.) 2014، الصوتيات، علم وفن تدريب وممارسة، الطبعة الأولى، مصر: دار النشر للجامعات.
الموصلى، أبو الفتح عثمان بن جني (2000). سر صناعة الإعراب، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.
مەنسوور، برزۆ ئیسماعیل (2019). پیشەگەری و تەکنیکەکانی بەرهەم لە شاشەی تەلەفزیۆن، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
نصرالدين، خليل (بدون سنة). مبدأ المزامنة في دبلجة الخطاب السمعي البصري، مجلة فتوحات، جامعة خنشلة، العدد 6.
هاشمی، دیاکۆ (2024). پوختەی ڕێنووس و خاڵبەندی، چاپخانەی کامبریج، هەولێر.

Bogucki, Ł. (2020). Palgrave Handbook of Audiovisual Translation and Media Accessibility. Palgrave Macmillan.
Pilar Orero. (2004). Topics in Audiovisual Translation, John Benjamins Publishing Company, Amesterdam, Philadelphia.
Millán, C., & Bartrina Marti, F. (2017). ˜The routledge handbook of translation studies edited by Carmen Millán and Francesca Bartrina. Routledge.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The aesthetic of using sound and expression in dubbed dramas (Rich girl and poor boy) drama series as a sample

**Jutyar Rafaat Abda**
Department of Cinema and Theater, College of Fine Arts, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: Jutyar.abdah@su.edu.krd

**Prof. Dr. Balqis Ali Dosky**
Department of Cinema and Theater, College of Fine Arts, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract
The use of voice and expression in dubbed dramas plays an important role in enhancing emotional depth and audience engagement. The drama series (Rich Girl and Poor Boy) is used as a research sample, showing us how voice acting and expression can have characters performing voice performances with emotion in an artistic dubbed form. The emotional tones, pauses and vocal inflections used by the voice actors help to convey the characters' personality roles, conflicts and romantic tensions effectively.
This research consists of four chapters. The first chapter consists of (research methodology) which includes (introduction, problem of the study, importance of the study, objectives of the study, limits of the study, definition of terms). The second chapter consists of (Research Theoretical Framework), and the third chapter is devoted to (Research Implementation) where the research sample is analyzed. Finally, the fourth chapter consists of (conclusions, suggestions, recommendations and list of references).
It is worth mentioning that the most important results of this study are:
1. The use of sound and expression art in the dubbed drama (Rich Girl and Poor Boy) shows the relationship between the characters and heats the conflicts towards the climax in a dramatic social, psychological and aesthetic mood and attracts the audience's emotions.

2. Art of voice and expression as a narrative tool in the drama (Rich Girl and Poor Boy), the changes in tone, voice rhythm and expression in the dubbed voices help to reflect the development of the dramatic structure of the characters.

***Keywords:*** *dubbed drama, voice and expression, audiovisual translation, synchronization, sound design*

# جماليات استخدام الصوت والإلقاء في الأعمال الدرامية المدبلجة مسلسل الدراما (الفتاة الغنية والولد الفقير) كنموذج

**ملخص:**
يلعب استخدام الصوت والتعبير في الأعمال الدرامية المدبلجة دورًا هامًا في تعزيز العمق العاطفي وتفاعل الجمهور. وقد استُخدمت مسلسل "الفتاة الغنية والولد الفقير" كعينة بحثية، حيث أظهرت كيف يمكن للأداء الصوتي والتعبير أن يجعل الشخصيات تؤدي عروضًا صوتية عاطفية في شكل دبلجة فنية. وتساعد النغمات العاطفية والتوقفات والنبرات الصوتية التي يستخدمها دوبلير الأصوات على نقل أدوار الشخصيات وصراعاتها وتوتراتها العاطفية بفعالية.

يتكون هذا البحث من أربعة فصول. يتناول الفصل الأول (منهجية البحث) ويتضمن (المقدمة، ومشكلة البحث، وأهميتها، وأهدافها، وحدودها، وتعريف المصطلحات). ويتناول الفصل الثاني (الإطار النظري للبحث)، ويخصص الفصل الثالث (تطبيق البحث) لتحليل عينة البحث. ويتناول الفصل الرابع (أهم النتائج، والمقترحات، والتوصيات، وقائمة المراجع). تجدر الإشارة إلى أن أهم نتائج هذه الدراسة هي:

1 .يُظهر استخدام فن الصوت والتعبير في الدراما المدبلجة (الفتاة الغنية والولد الفقير) العلاقة بين الشخصيات، ويُشعل الصراعات نحو الذروة في سياق درامي اجتماعي ونفسي وجمالي، ويجذب عواطف الجمهور.

2 .فن الصوت والتعبير كأداة سردية في الدراما (الفتاة الغنية والولد الفقير)، حيث تُسهم التغيرات في النبرة وإيقاع الصوت والتعبير في الأصوات المدبلجة في عكس تطور البنية الدرامية للشخصيات.

**الكلمات المفتاحية:** الدراما المدبلجة، الصوت والإلقاء، الترجمة السمعية والبصرية، التزامن، تصميم الصوت.